# ئەگەر هاتو ئیحرامی حەج یان عومرەی بۆ دوو کەس بەست

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**شێخ موحەمەد صاڵح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# إذا أحرم بالحج أو العمرة عن شخصين

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئەگەر هاتو ئیحرامی حەج یان عومرەی بۆ دوو کەس بەست

**پرسیار** : ئایا دروستە بەیەکجار عومرە بۆ دایك و باوکم بکەم کە هەردووکیان مردوون، یان دەبێت بۆ هەرکەسێکیان بە جیا ئەنجامی بدەم ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەنجامدانی حەج یان عومرە بە نیەتێك تەنها بۆ کەسێك دەکرێت، لەبەر ئەوە دروست نییە عومرەیەك بۆ دایکت و باوکیشت بکەیتلە یەککاتدا، بەڵکو دەبێت بۆ هەریەکێکیان عومرەیەك بکەیت، باشتریش وایە عومرەیەکەی دایکت یەکەمجار بکەیت، چونکە دایکت لەپێشترە بە چاکە و ئیحسان لەگەڵ کردن، کاتێك نەبێت ئەگەر هاتوو عومرەکەی دایکت عومرەی سوننەت بوو، وە عومرەکەی باوکت عومرەی واجب بوو، لەم کاتەدا دەبێت سەرەتا عومرە واجبەکەی باوکت ئەنجام بدەیت، چونکە باوکت تا لە ژیاندا بوو عومرەی نەکردبوو .

لە کتێبی ( کشاف القناع ) لە بەرگی ٢ / لاپەڕە ٣٧٧ دا هاتووە:«

ويستحب أن يحج عن أبويه إن كانا ميتين أو عاجزين ، زاد بعضهم : إن لم يحجا ،

ونص الإمام أحمد على أنه يقدم أمه ؛ لأنها أحق بالبر ، ويقدم واجب أبيه » [ كشاف القناع (٣٧٧/٢) ] واتا : سوننەتە وایە ئەگەر دایك و باوكی مردبوون یان پیروپەكەوتە بوون حەجیان بۆ بكات، هەندێكیان ئەو زیادەیان لەگەڵ باس كردووە ( ئەگەر هاتوو خۆیان لە ژیانیاندا حەجیان نەكردبوو ) ئیمامی ئەحمەدیش باسی ئەوەی كردووە كە لە پێشدا حەج بۆ دایكی بكات، چونكە دایك لە پێشترە بۆ چاكە و ئیحسان لەگەڵ كردن، وە دەبێت حەجی واجبی باوكی پێش بخات بەسەر حەجی سوننەتی دایكیدا .

خۆ ئەگەر هاتوو كەسێك بە یەكجار نیەتی حەج یان عومرەی بۆ دوو كەس هێنا و ئیحرامی بەست بۆیان، ئەوە ئەو حەجە بۆ ئەو كەسە خۆی دەبێت و بۆ ئەو دوو كەسە نابێت .

ئیمامی شافعی ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) لە كتێبی ( الأم ) دا ووتویەتی : « ولو استأجر رجلان رجلا يحج عن أبويهما ، فأهلّ بالحج عنهما معا كان مبطلا لإجارته ، وكان الحج عن نفسه ، لا عن واحد منهما ، ولو نوى الحج عن

نفسه وعنهما أو عن أحدهما كان عن نفسه وبطلت إجارته » [ الأم (١٣٧/٢) ]

واتا : ئەگەر هاتوو دوو كەس پیاوێكیان بەكرێ گرت كە حەج بۆ باوكیان بكات، ئەو كەسەش نیەتی بۆ باوكی هەردووكیان هێنا، ئەو كەسە بەو كارەی گرێبەستی ئەو كرێكاریەی بەتاڵ دەبێتەوە، و ئەو كاتە حەجەكەی بۆ خۆی دەبێت، نەك بۆ یەكێك لەو دوو كەسە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو كەسە نیەتی حەجی بۆ خۆی و بۆ باوكی ئەو دوو كەسەش هێنا، یان لەگەڵ خۆی بۆ كەسێكی تریان، لەم حاڵەتەشدا حەجەكە بۆ خۆی دەبێت و گرێ بەستی كرێكاریەكەی بەتاڵە بووەتەوە .

ابن قدامەش لە كتێبی ( المغني ) دا دەڵێت : « فإن استنابه اثنان في نسك ، فأحرم به عنهما ، وقع عن نفسه دونهما ؛ لأنه لا يمكن وقوعه عنهما ، وليس أحدهما بأولى من صاحبه . وإن أحرم عن نفسه وغيره ، وقع عن نفسه » واتا : ئەگەر هاتوو بۆ نوسوكی ئەنجامدانی حەجێك دوو كەس كەسێكیان كرد بە وەكیل، وئەویش ئیحرامی بۆ هەردووكیان بەست، ئەوە ئەو حەجە بۆ خۆی دەبێت نەك بۆ ئەوان، چونكە ناكرێت بۆ ئەوان بێت، وە هیچ كەسێكیشیان لە پێشتر نییە لەوی

تریان، خۆ ئەگەر هاتوو ئیحرامی بۆ خۆی و کەسێکی تر بەست، دیسان ئەو حەجە بۆ خۆی دەبێت .

ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە کتێبی ( المجموع ) دەڵێت : « قال أصحابنا : لو استأجر رجلان رجلا يحج عنهما ، فأحرم عنهما معا انعقد إحرامه لنفسه تطوعا ، ولا ينعقد لواحد منهما ؛ لأن الإحرام لا ينعقد عن اثنين ، وليس أحدهما أولى من الآخر ، ولو أحرم عن أحدهما وعن نفسه معا انعقد إحرامه عن نفسه ؛ لأن الإحرام عن اثنين لا يجوز ، وهو أولى من غيره فانعقد ، هكذا نص عليه الشافعي في الأم وتابعه الشيخ أبو حامد والقاضي أبو الطيب والأصحاب » [ المجموع (١٢٦/٧) ] واتا : هاوەڵانمان ووتویانە : ئەگەر هاتوو دوو کەس یەکێکیان بەکرێ گرت حەجیان بۆ بکات، ئەو کەسەش بەیەکەوە ئیحرامی بۆ هەردووکیان بەست، ئەوە ئیحرامەکەی بە حەجێکی سوننەت بۆ خۆی دەبێت، وە بۆ هیچ کەسێکیان نابێت، چونکە ئیحرامێك بۆ دوو کەس نابەسترێت، وە هیچ کەسێکیشیان لە پێشتر نیە لەوی تریان، خۆ ئەگەر هاتوو ئیحرامی بۆ یەکێك لەوانە و بۆ خۆیشی بەست بەیەك نییەت، دیسان ئەو ئیحرامە هەر بۆ ئەو کەسە خۆی دەبێت، چونکە ئیحرام بەستن بۆ دوو

کەس دروست نییە، دیارە ئەو کەسە خۆی لەوان لە پێشترە بۆ ئیحرامەکەی، هەر بەم شێوەیە ئیمام شافعی لە کتێبی (الام )دا باسی ئەمەی کردووە، هەروەها هەریەك لە شیخ أبو الحامد و قاضی أبو الطیب و هاوەڵانی تریش شوێن ئیمامی شافعی کەوتوون لەم مەسئەلەیەدا .

لە خوای گــەورە داواکارم کاروکردەوەی چاکە لە ئێمە و ئێوەیش گیرا بکات .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام